Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)
TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.29.SpC.6

# ڕۆڵی وتاری ڕۆژنامەوانی دیجیتاڵ میدیای کوردی لە پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی هەرێمی کوردستان

OPEN ACCESS
*Corresponding author
Karzan Haidar Rahman
karzanpress@gmail.com

**کارزان حەیدەر ڕەحمان**/بەشی تەکنیکی میدیا/کۆلیژی تەکنیکی کارگێڕی هەولێر/زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر-هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**عەبدولخالق ئیبراهیم مستەفا/** بەشی تەکنیکی میدیا/کۆلیژی تەکنیکی کارگێڕی هەولێر/زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر-هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

RECEIVED :30 /06/2025
ACCEPTED :20/08/ 2025
PUBLISHED : 15/12/ 2025

**وشە سەرەکییەکان:**
وتاری ڕۆژنامەوانی
دیجیتاڵ میدیای کوردی
ئاسایشی نیشتمانی
هەرێمی کوردستان

## پوختە

لە سەدەی 21دا، میدیای دیجیتاڵی بە شێوەیەکی گرنگ و بەرچاو ڕۆڵی خۆی بینیوە لە پەخشکردن و بڵاوکردنەوەی زانیاری بۆ جەماوەر، لە هەرێمی کوردستان، ڕۆژنامەوانی دیجیتاڵی کوردی بەپێی گەشەی تەکنەلۆژیا، بە یەکێک لە سەرچاوەی سەرەکیی زانیاری بۆ هاوولاتیان دادەنرێت، ئەم توێژینەوەیە بەو مەبەستە دەکرێت کە( ڕۆڵی وتاری ڕۆژنامەوانی دیجیتاڵی کوردی لە پاراستنی ئاسایشی نیشتمانیی هەرێمی کوردستان) نیشان بدات.

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە پێکدێت لە سەرجەم ئەو وتارە ڕۆژنامەوانییانەی دیجیتاڵ میدیایی کوردی کە باس لە پرسە ئەمنی وسەربازیی و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان دەکەن و بڵاو دەکرێنەوە و کاریگەرییان لەسەر پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی هەیە، بۆ نموونەی توێژینەوەکە چوار پێگەی ئەلیکترۆنی دەستنیشان کران بۆ ئەوەی ببن بە نموونەی توێژینەوە و نوێنەرایەتی دیجیتاڵ میدیای کوردی دەکەن، ئەوانیش ماڵپەڕی ڕووداو لە هەولێر، پێگەی ئەلیکترۆنی ئێن ئار تی لە سلێمانی، پێگەی ئەلیکترۆنی pukmedia لە سلێمانی، پێگەی ئەلیکترۆنی کوردیو لە هەولێر، توێژینەوەکە گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی، دیارترین ڕەهەندەکانی وتاری ڕۆژنامەوانی دیجیتاڵ میدیای کوردی کە بڵاوی کردوونەتە کامانەن و تا چ ئاستێک بوونەتە هەڕەشە ، یاخود هۆکار بۆ پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی کوردستان.

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## 1. پێشەکی

لەدوای لەگەڵ دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بەناوی کوردستان لە 22ـی نیسانی 1898، تا دەگاتە قۆناغە جیاجیاکانی کاری ڕۆژنامەوانی لە پارچە جیاجیاکانیش، وتار بەشێک بووە لە بەشێکی گرنگی کاری ڕۆژنامەگەری لای کورد، هاوکات هەڵگری پەیام و دیدگایەکی ڕۆشن بووە سەبارەت بەو پرس و بابەتانەی ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە ئاسایشی نەتەوەیی و نیشتمانیی و خەم و خواستە جیا جیاکانی خەڵکی کوردستانەوە هەبووە..

لەدوای ڕاپەڕینی ساڵی 1991ـی خەڵکی کوردستانیش دژ بەرژێمی پێشووی عێراق، ئاسۆیەکی فراوانتر و ڕوونتر لەبەردەم ڕۆژنامەگەریدا بۆ کورد هاتە پێشەوە، ئەو کاتە چەندین ڕۆژنامە و گۆڤاری ڕۆژانە و هەفتانە و مانگانە دەرچوون و بلاوکرانەوە کە تیایاندا ژانری وتار زیاتر گەشەی کرد، لەو ماوەیەشدا چ وەکو نا و قەڵەم، چ وەکو ئەزموون و ناوەڕۆک، ڕۆژنامەوانیی کوردی و ژانری وتار هەنگاوی باشی بڕی.

بەڵام دوای هەزارەی سێیەم، میدیای کوردی هەنگاوی گرنگتر و بەرچاوتری بڕی دوای سەرهەڵدانی ڕۆژنامەوانیی ئەلیکترۆنی و میدیای دیجیتاڵیی، لەوێشەوە وتار ڕەونەق و هێزی خۆی لەدەست نەدا، بەشێکی ناوەڕۆک و پەیامی ئەو ڕۆژنامە ئەلیکترۆنیانە، گوزارشت لە خواست و پرسە جیاوازەکانی کورد لەناوخۆ و دەرەوەدا دەخەنە ڕوو.

لێرەوە، کێشە و پرسی بابەتی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە، بریتییە لە دەرخستنی ئەو ڕۆڵەی، دەکرێ وتاری ڕۆژنامەوانیی دیجیتاڵ میدیای کوردی بیبینێت لە پاراستنی ئاسایشی نیشمانی هەرێمی کوردستان.

بایەخی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، تا ئێستا توێژەرانی پێشوو دەستییان بۆ بابەتێکی لەو شێوەیە نەبردووە و کتێبخانی کوردی کەلێنێکی تێدایە لەو بارەوە، لە کاتێکدا دەکرێ وتاری ڕۆژنامەوانی کاریگەریی دیجیتاڵ میدیا، ڕای گشتی لەبارەی پرسێکی دیاریکراو دروست بکات و شەقام بجولێنێت.

ئەم توێژینەوەیە خۆی لە سێ بەشی سەرەکی دەبینێتەوە، ئەوانیش، بەشی یەکەم: چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوە، بەشی دووەم بەشی چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە، بەشی سێیەمیش،چوارچێوەی شیکاریی توێژینەوە .

### چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوە:

### کێشەی توێژینەوە:

ئەو توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ زانینی ڕۆڵی وتاری ڕۆژنامەوانیی دیجیتاڵ میدیای میدیای کوردی لە پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی هەرێمی کوردستان.

لە سۆنگەی ئەو ڕاستیانەی لە سەرەوە ئاماژەیان پێکرا، کێشەی ئەو توێژینەوەیە خۆی لە پرسیارێکی سەرەکیدا دەبینێتەوە، ئەویش، ئایا وتاری ڕۆژنامەوانی دیجیتاڵ میدیای کوردی تا چەند ڕۆڵی هەبووە لە پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی هەرێمی کوردستاندا.

### گرنگیی توێژینەوە:

دەتوانین گرنگیی ئەو توێژینەوەیە بەو شێوەیە بخەینە ڕوو:-

گرنگیی ئەو توێژینەوەیە لە بەهای ئەو بابەتەدایە توێژینەوەی لەسەر دەکرێت، لە زانینی ڕۆڵی وتاری ڕۆژنامەوانیی دیجیتاڵ میدیای کوردی لە قۆناغێکی زۆر هەستیار و گرنگ کە هەرێمی کوردستان پێیدا تێپەڕ دەبێت لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئالەنگارییە سیاسی و ئابووری و سەربازیی و ئەمنی و کۆمەڵایەتییەکانی لە ناوخۆ و دەرەوەدا ڕووی تێ دەکەن، لە پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی هەرێمی کوردستان، بەتایبەت ئەو وتارە ڕۆژنامەوانییانەی دەبنە هەڕەشە لەسەر ئاسایشی نیشتمانی هەرێمی کوردستان.

## ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە دەتوانرێت بەسەر چەند لایەنێک دابەش بکرێت: -

1- دەستنیشانکردنی ئەو ڕەهەندانەی لە وتاری ڕۆژنامەوانیی دیجیتاڵ میدیای کوردیدا ئاماژەیان بۆ کراوە.

2- دەستنیشانکردنی ئەو پرسانەی وتاری ڕۆژنامەوانیی دیجیتاڵ میدیای کوردی زەقیان کردووەتەوە.

3-ئاشکرا کردنی ئەو خاڵە بەهێز و لاوازانەی کوردستان کە نووسەرانی کورد لە وتارەکانیان لە دیجیتاڵ میدیای کوردی لەماوەی ساڵێکدا وروژاندوویانە.

کۆمەڵگە و نموونەی توێژینەوە:

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە پێکدێت لە سەرجەم ئەو وتارە ڕۆژنامەوانییانەی دیجیتاڵ میدیایی کوردی، لەنێوانیشیاندا چوار پێگەی ئەلیکترۆنی دەستنیشان کران بۆ ئەوەی ببن بە نموونەی توێژینەوە و نوێنەرایەتی دیجیتاڵ میدیای کوردی دەکەن، ئەوانیش پۆرتاڵی ڕووداو لە هەولێر، پێگەی ئەلیکترۆنی ئێن ئارتی لە سلێمانی، پێگەی ئەلیکترۆنی PUKmedia لە سلێمانی، پێگەی ئەلیکترۆنی کوردیو لە هەولێر کە سەرجەمیان پێگەی ئەلیکترۆنی هەواڵین و تێیدا وتاریش وەکو ژانرێکی سەربەخۆی ڕۆژنامەوانیی بڵاو دەکەنەوە.

## جۆر و میتۆدی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە، توێژینەوەیەکی شیکاری وەسفییە، تیایدا میتۆدی شیکردنەوەی ناوەڕۆک بەکارهاتووە، بە ئامانجی تێگەیشتن لەوەی وتارەکانی ڕۆژنامەوانی دیجیتاڵ میدیای کوردی چۆن کاریگەرییان لە پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی لە هەرێمی کوردستان کردووە.

## بوارەکانی توێژینەوە

ئەو توێژینەوەیە سێ بوار دەگرێتە خۆی:

1-بواری بابەت: پەیوەستە بەو وتارە ڕۆژنامەوانییانەی لە دیجیتاڵ میدیای کوردی بڵاو کراونەتەوە.

2-بواری کاتی: ماوەی 1-1-2024 تاکوو 31-12-2024 بریتییە لەو ماوەیەی توێژەر وەریگرتووە بۆ شیکردنەوەی ناوەڕۆکی وتارە ڕۆژنامەوانییەکانی دیجیتاڵ میدیای کوردی لە پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی هەرێمی کوردستان.

3-بواری شوێن: بریتییە لەو ماڵپەڕانەی کە وتارە ڕۆژنامەوانییەکانی لێوەرگیراوە لە سنووری هەرێمی کوردستاندا کاردەکەن، بۆیە بواری شوێنم بریتییە لە هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی لە هەردوو پارێزگای هەولێر و سلێمانی.

## توێژینەوەکانی پێشوو

توێژینەوەکانی پێشوو سەرچاوەیەکی گرنگی بەرچاوڕوونی توێژەرن لە سەرجەم قوناغەکانی توێژینەوەکەیدا، لێرەدا ئەو توێژینەوانەی خراونەتەڕوو بەگوێرەی نزیکیان لە بابەتی ئەم توێژینەوەیە ریزبەندکراون و خراونەتەڕوو.

ماستەرنامە

آ- ماستەرنامەی هاوکار یاسین شریف بە ناونیشانی "ڕۆڵی ڕۆژنامە کوردییەکان لە گەشەپێدانی هۆشیاریی ئاسایش لای جەماوەر"،2015.

توێژینەوەکە توێژینەوەیەکی وەسفیە و میتۆدی ڕووپێوی ڕاگەیاندنی بەکارهێناوە، ئامانجی توێژینەوەکە بریتیە لە:

1-دەستنیشانکردنی ڕۆلی ڕۆژنامە کوردیەکان لە گەشەپێدانی هۆشیاری ئاسایشیی لەلای جەماوەر.

2-دیاریکردنی گرنگترین ئەو ژانرە ڕۆژنامەوانیيانەی بەکارهاتوون لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری ئاسایشیی.

3-پێوانەکردنی ڕادەی بەرکەوتنی جەماوەر بە بابەتەکانی تایبەت بە ئاسایش .
بۆ ئەم مەبەستە چوار ڕۆژنامە (الاتحاد، التآخي، الحدث، طريق الشعب)ی بۆ شیکردنەوەی ناوەڕۆک وەرگرتبوو، ئامانجی توێژینەوەی ڕووپێوییی بریتی بوو لە دیاریکردنی کاریگەری ئەو ڕۆژنامانە لەسەر گەشەپێدانی هۆشیاری ئاسایشیی لای جەماوەر، بۆ ئەو مەبەستە کۆمەڵگەی توێژینەوەی بریتییە لە قوتابیانی زانکۆ، نمونەی توێژینەوەی (440) قوتابی بووە لە زانکۆکانی (سەلاحەدین، سلێمانی، دهۆک، کۆیە).
گرنگترین ئەو ئەنجامانەی توێژینەوەکە پێیگەیشتوە بریتین لە:
ئەنجامی توێژینەوەی شیکاری:
1-زۆرترین ئەو بابەتانەی ڕۆژنامە کوردیەکان گرنگییان پێداوە بابەتی (ئینتما) بووە، دواتر بابەتی (بەهێزکردنی ئاسایشی نیشتیمانی).
2-سەرکردە ئەمنییەکان لەسەرووی ئەو کەسایەتییانە بوون لە بابەتە ڕۆژنامەوانییەکان پشتی پێبەستراوە، دوای ئەویش (دەزگای زانیاری تایبەت) ئینجا (هاوولاتی).
ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاریی لەم توێژینەوەیەدا:
بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی، توێژەر لەم توێژینەوەیەدا پشتی بە فۆرمی ڕاپرسی بەستووە وەک ئامرازێکی سەرەکی لەچوارچێوەی میتۆدی ڕووپێوی ڕاگەیاندن، توێژەر هەوڵیداوە بەمەبەستی زانینی کاریگەریی ڕۆژنامە کوردییەکان لە گەشەپێدانی هۆشیاریی ئاسایش لای جەماوەر، بۆ ئەوەش (440) قوتابی وەک نموونەی توێژینەوەکەی وەرگرتووە، توێژەر بەر لەوەی فۆرمە بەکاربێنێت، خستویەتییە بەردەم ژمارەیەک هەڵسەنگێنەر بەمەبەستی هەڵسەنگاندن.
ئەنجامی توێژینەوەی ڕووپێویی:
1.بابەتە ئەمنییەکان لەسەرووی ئەو بابەتانە دێن کە نمونەی توێژینەوە گرنگییان پێدەدات.
2.گرنگترین ئەو پرسە ئەمنییانەی نموونەی توێژینەوە لەرێگەی ڕۆژنامە کوردییەکانەوە زانیاری لەبارەیانەوە وەرگرتووە بریتی بوون لە (هێرشەکانی داعش، تەقینەوەی بۆمب، شەڕ و پێکدادانی ئەنبار).
ڕووی لەیەکچووی توێژینەوەکە و ئەم توێژینەوەیە زۆرن بە تایبەتی لەڕووی بابەت و ئامانج و تیۆر و میتۆدی بەکارهاتوو، لەوەشدا جیاوازن توێژینەوەکە ڕۆژنامەی چاپکراوی وەک گۆڕاوی سەرەکی و قوتابیانی زانکۆی وەک نموونەی توێژینەوە وەرگرتوە، کەچی ئەم توێژینەوەیە دیجیتاڵ میدیای وەک گۆڕاوی سەرەکی، وتارەکانی ڕۆژنامەوانیی دیجیتاڵ میدیای وەک نموونەی توێژینەوە دەستنیشانکردووە.
تێزی دکتۆرا
آ- تێزی دکتۆرای سعد بن عبيد السبيعي بە ناونیشانی(میدیای نوێ و ڕۆڵی لە بەهێزکردنی ئاسایشی نیشتمانی لە شانشینی عەرەبی سعوودی)2013
توێژینەوەکە، توێژینەوەیەکی وەسفیە و میتۆدی ڕووپێوی بەکارهێناوە،کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی چەند توێژێکی کۆمەڵگەی عەرەبستانی سعوودیەیە لە بوارەکانی(میدیایی، سیاسی، ئەمنی، ئابووری، شەرعی) کە ژمارەیان 334 کەس بووە و نموونەکەی 184 تاک بووە.
ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاریی:
بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە و وەڵامدانەوەی پرسیارەکان، فۆرمی ڕاپرسی بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان بەکارهێناوە، بۆیە ئامانجەکانی ئەو توێژینەوەیە بریتیین لە:
1.زانیاری ڕادەی بەشداریی میدیای نوێ لە بەهێزکردنی ئاسایشی سیاسی لە عەرەبستانی سعوودیە.
2.زانینی ڕادەی بەشداریی میدیای نوێ لە بەهێزکردنی ئاسایشی ئابووری لە عەرەبستانی سعوودیە.
3.زانینی ڕادەی بەشداریی میدیای نوێ لە بەهێزکردنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی لە عەرەبستانی سعوودیە.

4. زانینی ڕادەی بەشداریی میدیای نوێ لە بەهێزکردنی ئاسایشی فیکری لە عەرەبستانی سعوودیە.
5.زانینی ڕادەی ئاستی بەکارهێنانی(لەپێشینەکان) لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوە لە توێژێکی سعوودیە بۆ ئامرازەکانی میدیای نوێ.
6.لێکۆڵینەوە لە جیاوازییەکان کە ئاماژەیەکی ئاماریی هەیە لەبارەی ڕای تاکەکانی توێژینەوەکە دەربارەی ئاستی بەشداریی میدیای نوێ لە بەهێزکردنی ئاسایشی نیشتمانی عەرەبستانی سعوودیە کە دەگەڕێتەوە بۆ ئەم گۆڕاوانەی لای خوارەوە:
لێهاتوویی زانستی، لایەنی کار، سروشتی کار، ساڵانی شارەزایی،ژمارەی چالاکییە زانستییەکان کە توێژەر لەبواری(میدیای نوێ و ئاسایشی نیشتمانی)بەشداریی تێدا کردووە.
7.لێکۆڵینەوە لە جیاوازییەکان کە ئاماژەیەکی ئاماریی هەیە لەبارەی ئاستی بەکارهێنانی تاکەکانی توێژینەوە بۆ ئامرازەکانی میدیای نوێ کە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گۆڕاوانەی لای خوارەوە:
لێهاتوویی زانستی، لایەنی کار، سروشتی کار، ساڵانی شارەزایی،ژمارەی چالاکییە زانستییەکان کە توێژەر لەبواری(میدیای نوێ و ئاسایشی نیشتمانی)بەشداریی تێدا کردووە.
8.لێکۆڵینەوە لەو پەیوەندییانەی کە ئاماژەیەکی ئامارییان هەیە لەنێوان ئاستی بەکارهێنانی تاکەکانی توێژینەوە لە توێژێکی سعوودیە بۆ ئامرازەکانی میدیای نوێ و ڕاکانیان سەبارەت بە ئاستی بەشداریی میدیای نوێ لە بەهێزکردنی ئاسایشی نیشتمانی لە عەرەبستانی سعوودیە.
گرنگترین ئەو ئەنجامانەی توێژینەوەکە پێیگەیشتووە ئەمانە بوون:
1.ئەنجامەکان دەریان خست کە ئامرازەکانی میدیای نوێ ڕۆڵی لە بێهێزی بەرەو بەرزی چووە لە بەهێزکردنی تەواوی بنەماکانی ئاسایشی نیشتمانی(سیاسی،ئابووری، کۆمەڵایەتی، فیکری)لە عەرەبستانی سعوودیە.
2.ڕادەی بەکارهێنانی تاکەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوە بۆ ئامرازەکانی(مۆبایل) لە ئاستێکی بەرزدایە، بەڵام ئامرازی(بلۆگەکان) لە پلەیەکی نزمدایە.
3.هیچ پەیوەندییەکی بەڵگەداری ئاماریی لەنێوان ئاستی بەکارهێنانی تاکەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوە لە توێژێکی سعوودیە بۆ ئامرازەکانی میدیای نوێ(یوتوب، تویتەر(ئێکس)،بلۆگەکان، بەکارهێنانی مۆبایل) و ڕایان بەرامبەر ئاستی بەشداریی میدیای نوێ لە بەهێزکردنی بنەمکانی ئاسایشی نیشتمانی لە عەرەبستانی سعوودیە.

**تاوتوێی توێژینەوەکانی پێشوو:**

لەم توێژینەوەیەدا، خوێندنەوە بۆ دوو توێژینەوەی جیاواز کراوە، نامەیەکی ماستەر بەزمانی کوردی و تێزێکی دکتۆرا بەزمانی عەرەبی، هەرچەند توێژینەوەکانی پێشوو لە گۆڕاوی ئاسایشی نیشتمانی لەگەڵ ئەو توێژینەوەیەی ئێستا لە یەکەوە نزیکن، بەشێوەیەک دەتوانین بە چەند خاڵێک بیخەینە ڕوو:
1.زۆربەی توێژینەوەکان جەختیان لەسەر ڕۆڵی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن کردووەتەوە لە پاراستن و بەهێزکردنی ئاسایشی نیشتمانی.
2.سەرباری زیادبوونی هەڕەشەکانی سەر ئاسایشی نیشتمانی بەهۆی فاکتەرەکانی ناوخۆیی و هەرێمی و جیهانی، وتاری ڕۆژنامەوانی و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، بە هۆکارەکانی دروستکردنی هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانی، یاخود هۆکارێک بۆ بەهێزکردن و پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی نیشانداوە.
. چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوەکە

## 2.چەمک و پێناسەی وتاری ڕۆژنامەوانی

بە وەستانی توێژەران لەسەر هونەری وتاری ڕۆژنامەنووسی و دیاریکردنی چەمکەکانی، دەردەکەوێت کە زۆرینەیان ڕێککەوتوون لەسەر دیاریکردنی ماهیەتی وتار کە سەرەتا بە

ڕوونکردنەوەی مانا زمانەوانییەکەی دەستپێدەکات تاکوو دیارترین ناوەڕۆکی فیکری و پیشەیی، سەرباری ئەوەی پێناسەکان دووپاتی ئەوە دەکەنەوە، وتار گوزارشت لە هەستی کەسیی دەکات، یاخود کاریگەریی لەسەر دەروون دەکات کە ڕووداوێکی نوێ دروستی دەکات.

2.2چەمکی وتار:

بۆ چەمکی وتار دەکرێ ئاماژە بەوە بکەین کە، وتار لە کوردیدا بە دوو مانای سەرەکی بەکاردێت، مانایەکیان لە بواری نووسین، بەتایبەت لە بواری ڕۆژنامەوانی، کە بۆ ئەو دەقانە بەکاردێت کە لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاو دەکرێنەوە، پێیان دەگوترێت وتار. (شێروانی,2022)

2.3 دەکرێ وتار پێناسە بکرێت بەوەی، هونەرێکی ڕۆژنامەنووسییە باس لە بابەتێکی دیاریکراو دەکات بە توێژینەوە و وەسف و لێکدانەوە و بە خستنەڕووی ئاکامەکەی کۆتایی پێدێت. (کەرکووکی, 2008، ل127)

### 2.4وتار لە یەکەم ڕۆژنامەی کوردی:

یەکەم وتاری ڕۆژنامەوانی کوردی لە مێژوودا، لەگەڵ دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بووە بەناوی ڕۆژنامەی کوردستان کە ساڵی 1898 لەلایەن خانەوادەی بەدرخانییەکان لە قاهیرەی پایتەختی میسر بڵاوکراوەتەوە، لەگەڵ ئەوەی توێژەران پشتڕاستیان کردووەتەوە کە مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی بە ڕۆژنامەی کوردستان دەستپێکردووە کە ژمارەی یەکی لە 21ی نیسانی 1898 لە قاهیرە دەرچووە، بەڵام لە بەدواداچوونی فەرهاد شاکەلی و بڵاوبوونەوەی وتارێکی لە ڕۆژنامەی(ئاسۆ) لە نیسانی 2007 لە ژمارە(413) ئەو مێژووە ڕاستکرایەوە (سەپان, 2024، ل351).

لە لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکەشدا یەکەم وتار وەکو بیر و بۆچوون و ڕای خاوەندارانی ئەو ڕۆژنامەیە کە ئاراستەکەی ڕوو لە خەڵکی هەرێمی کوردستان بوو، بڵاوکراوەتەوە تێیدا میقداد مدحەت بەدرخان ئاماژە بەوە دەکات و دەڵێت:" من ڕۆژنامەیەکم بەناوی کوردستان دەرکرد، ئامانجم لەم کارە ئەوەیە، گەلی کورد لە بوارەکانی کلتووری، سیاسی،زمان، ئابووری و زانستەوە هۆشیار بکەمەوە" (بەدرخان, 1898،ل1)

وتاری ڕۆژنامەنووسی چەند ئەرکێکی هەیە کە دەتوانرێت بەم شێوەیە بخرێتە ڕوو:

*ڕاگەیاندن: وتاری زانیاری و هزری نوێ لەبارەی ڕووداوی هەنووکەیی و کێشە گەرما و گەرمەکانەوە دەخاتە بەرچاو.

*ڕاڤە و لێکدانەوەی هەواڵی بڵاوکراوەی ڕۆژنامە.

*ڕۆشنبیرکردن:بڵاوکردنەوەی زانیارییە مرۆڤایەتییەکان کە ڕۆشنبیری خوێنەری پێ دەوڵەمەندتر دەبێت.

*هۆشیارکردنی سیاسی: بەشیکردنەوەی سیاسی حکوومەت و حزبەکان و هەڵوێستە جیاجیاکانیان لەسەر ڕووداوەکانی ناوخۆ و دەرەوە.

*هەڵخزاندنی جەماوەر لەپێناو خزمەتکردنی سیستمی سیاسی یان کۆمەڵایەتی و بەشداربوونی لە گەشەسەندنی نیشتمانیدا.

*پێکهێنانی ڕای گشتی لە کۆمەڵگادا و کارکردنە سەر ئاراستەی ڕای گشتی.

*بەرگریکردن لە بەهاو بنەما و سیفەتە باش و چاک و پیرۆزەکانی کۆمەڵ.

*سەرکردایەتیکردنی جەماوەر لەکاتی قەیران و تێکچوونی ڕەوشی کۆمەڵگە و ڕێنویکردنیان بەرەو سیستم و ئەمان و چاندنی تۆوی هیوا و ئومێد لە دەروونیاندا.

*وتـــاری ســـــەرگەرمی یـــان گاڵتەجـــاری یـــا کەیـــف و خۆشـــی هەر بەمەبەســـتی ســـــەرگەرمیکردن و کەیـــف و خۆشـــیە، خـــوێنەر چێـــژ لە وتارێـــک وەردەگرێـــت کە هێزێکـــی نـــوێی تێـــدا بێـــت، یـــان هـــانی خوێنەرانی بدات بەشێوەیەکی جیاواز بیر بکاتەوە.

*کـــات بەســـــەربردن و خۆشـــی بەخشـــین بە خـــوێنەر، بەمەبەســـتی ســـووککردنی بـــاری قورســـی بیـــر و هۆشی مرۆڤ (دلشاد, 2009،ل 135)

## 3.چەمک و پێناسەی ئاسایشی نیشتمانی:-

بەشـێوەیەکی گشـتی، ئاســایش وێنــای یەک لە پێویســتییە ســەرەکییەکانی مــرۆڤ دەکــات کە ناتوانێـت بەبـێ ئەوە بژیـت، چـونکە مـرۆڤ بە ژیـانی و ئازادییەکـانی دڵخـۆش نابێـت، ئەگەر هەسـتی ئاسـایش و دڵنیـایی بـۆ دروست نەکرێت. (طشطوش، 2012، ص11)

مەبەسـت لە ئاسـایش(Security) دۆخـێکە تیایـدا مـرۆڤ هەسـت بە ئـارامی ژیـان بکـات، لە ڕوانـگەی پـۆلێنی پسپۆرانیشـەوە لەسـەر ئاسـتی ئاسایشـی تاکەکەسـی، ئاسایشـی کـۆمەڵایەتی، ئاسایشـی نەتەوەیـی و ئاسایشـی نێودەوڵەتی شرۆڤە دەکرێت.

ئاسایشی نیشتمانی لەم ڕەهەندانەی خوارەوەی پێکهاتووە:-

یەکەم:ڕەهەندی سەربازیی:

ڕەهەنـدی سـەربازیی لە گرنگتـرین ڕەهەنـدەکانی ئاسایشـی نیشـتمانییە، چـونکە ئامـاژەیە بـۆ بەدیهێنـانی پێویسـتی بەرگریـی و ئاسـایش و سـەروەریی هەرێمیـی لەڕێـگەی بونیاتنـانی هێزێکـی سـەربازیی کە وا دەکـات دەوڵەت بمێنێـتەوە و بەردەوام بێـت لەگەڵ پاراسـتنی هاوسـەنگیی سـتراتیژیەتی سـەربازی و بەرگریـی لەسـەر ئاستی هەرێمی بۆ پارێزگاریی کردن لە دەوڵەت، لە دوژمنانی دەرەکی.

دووەم:ڕەهەندی سیاسی:

ڕەهەنـدی سیاسـی ئاسایشـی نیشـتمانی هەوڵ دەدات قەوارەی سیاسـی دەوڵەت بـۆ یەکگرتـووی نـاوخۆیی پارێزێـت بە بەدیهێنـانی ناسـیۆنالیزم و پاراسـتنی شوناسـی سـیمبوڵی دەوڵەت و پاراسـتنی ئەو بنەمـا ستراتیژیانەی کە لە پێشەوەی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانە.

سێیەم:ڕەهەندی ئابووری:

ڕەهەنـدی ئـابووری پەیوەسـتە بە توانـای وڵاتـان بـۆ وەبەرهێنـان لە سـەرچاوە سروشـتییەکان و بەدیهێنـانی کەشـوهەوای گونجـاو بـۆ دابینکردنـی پێویسـتییەکانی خەڵـک، ڕەخسـاندنی ڕێـگەی پێشـکەوتن و خۆشگوزەرانی.

چوارەم:ڕەهەندی کۆمەڵایەتی:

ڕهەنـدی کـۆمەڵایەتی پارێزگـاری لە داب و نەریـت و کۆڵەگەکـانی دەوڵەت دەکـات، پارێزگـاری لە گەشـەپێدان بە هەسـتی بـوونی ئینتمـا لەڕێـگەی دروسـتکردنی یەکسـانی کـۆمەڵایەتی و پێـداگری لە نزیـک کـردنەوەی جیاوازییەکانی نێوان چینەکان.

پێنجەم:ڕەهەندی ڕۆشنبیری:

ڕەهەنـدی ڕۆشـنبیری پەیوەسـتە بە ئاسایشـی ڕۆشـنبیری و چاکسـازیی فیکـری فیکـری و ڕۆشـنبیری، ئەمەش پەیوەسـتە بە توانـای دەوڵەت بـۆ پارێزگـاریی کـردن لەخـۆ لەڕێـگەی مێـژووی ڕۆشـنبیری و نمـوونەی بەهـا و داب و نەریت و گەشەپێدان و نوێگەری (العمارات، 2021،ص57،68،69)

4.1چەمک و پێناسەی میدیای دیجیتاڵی:-

ڕۆژنـامەی ئەلیکترۆنـی بە واتـای ئەو ڕۆژنامـانە دێـت لەسـەر تۆڕەکـانی ئینتەرنێـت بەشـێوەیەکی ئەلیکترۆنـی بـڵاو دەکـرێنەوە، یـاخود بە مانـای پـێگەی ئەلیکترۆنـی هەواڵـی، تـایبەت بە بڵاوکـردنەوەی هەواڵ و زانیـاری، لە پرۆسەکانی کۆکردنەوە و نووسینی هەواڵدا پشت بە پرەنسیپە پیشەییەکانی کاری ڕۆژنامەوانی دەبەستێت.

میدیای ئەلیکترۆنی ئەو ماڵپەڕە ئەلیکترۆنیەیە، تیایدا خزمەتگوزاری ڕۆژنامەنووسی بەشێوەی ئەلیکترۆنی بڵاو دەکرێتەوە، وەک خزمەتگوزاری:(هەواڵ و زانیاری و ڕووداو و وتار و شیکردنەوە و بەدواداچوون و چاوپێکەوتن و ڕیکلام بەشیوەی تێکست و وێنە و پارچەی ڤیدیۆیی) .(ڕێبەر گۆران تاڵەبانی، یەحیا عومەر ڕێشاوی, 2020، ل82-83).

4.2میدیا و پرۆسەی سیاسی

لەچەند ساڵی ڕابردوو بەملاوە و بەهاتنە کایە و گەشەسەندنی ئامرازەکانی میدیای نوێ، کەش و هەوای پەیوەندی نێوان خەڵک و حکوومەتی تووشی گۆڕانی بەرچاو کردووە، گۆڕانکارییەکانی ئەو کردە و کاردانەوانە، تەنانەت لە ڕەفتاری سیاسیی نێوان هێز و بەرهەڵستکارانی حکوومەتیشدا هەست پێدەکرێت، گۆڕانکاریی لە چۆنیەتی بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ، لەوانەش تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە ماوەیەکی کورتدا، بۆتە هەڵکشانی بەرچاوی کەمپینە کۆمەڵایەتی  و سیاسییەکان لە سەرناسەری دونیا و هەندێجار ئەمە ڕووخانی حکوومەتەکانی بەدواوە بووە (مەحمود, 2015، ل87-88)

4.3هەڕەشەکان لەسەر ئاسایشی نیشتمانی کوردستان

هەڕەشەکان لەسەر ئاسایشی نیشتمانی لە هەرێمی کوردستان دەتوانین لەم خاڵانەدا کۆ بکەینەوە:

1-هەڕەشەی ئاسایش: مەبەستمان لەم جۆرەی هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانی بریتییە لە مەترسی تیرۆر و بیری توندڕەوی ئاینییە.

2-هەڕەشەی فکری و کلتووری: لەسەردەمی جیهانگەراییدا ، لاوازبوونی ئینتمای تاک، لاوازبوونی زمانی لۆکاڵی و زاڵبوونی زمان و کلتووری خۆرئاوایی، ئەمانە بە هەڕەشە دادەنرێن لەسەر کلتووری کۆمەڵگەی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا.

3-هەڕەشەی ئابووری: بەهۆی ئەوەی هەرێمی کوردستان تا ئێستا نەبووەتە خاوەنی ئابووری سەربەخۆ، بەردەوام ئابوورییەکەی لەژێر هەڕەشەدایە.

4-هەڕەشەی کۆمەڵایەتی: هەریەکە لە هەڕەشەکانی ئابووری و سیاسی، فاکتەرێکی کاریگەرن لە دروستبوونی هەڕەشەی کۆمەڵایەتی لەسەر ئاسایشی نیشتمانی هەرێمی کوردستاندا.(مستەفا, 2022، ل96)

## 4. چوارچێوەی پراکتیکی توێژینەوەکە:-

خستنەڕووی ئەنجامی شیکردنەوەی ناوەڕۆک:

خشتەی (1) ڕەهەندەکانی ئاسایشی نەتەوەیی لە وتاری دیجیتاڵ میدیای کوردی

| پێگە ئەلیکترۆنییەکان / ڕەهەندەکان | ڕووداو | | NRT | | PUK media | | کوردیو | | کۆی گشتی | | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | % | د | % | د | % | د | % | د | % | |
| ڕەهەندی سەربازی | 34 | 13.0 | 12 | 6.2 | 12 | 6.6 | 4 | 7.6 | 62 | 9.0 | 4 |
| ڕەهەندی ئاسایش | 31 | 11.9 | 11 | 5.7 | 9 | 5 | – | – | 51 | 7.4 | 5 |
| ڕەهەندی سیاسی | 68 | 26.1 | 55 | 28.9 | 66 | 36.6 | 17 | 32.6 | 206 | 30.1 | 1 |
| ڕەهەندی | 35 | 13.4 | 41 | 21.3 | 30 | 16.6 | 15 | 28.8 | 121 | 17.6 | 2 |

| | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئابووری | | | | | | | | | | | |
| ڕەهەندی مرۆیی | 10 | 3.8 | 10 | 5.2 | 5 | 2.7 | 6 | 11.5 | 31 | 4.5 | 7 |
| ڕەهەندی کلتووری | 19 | 7.3 | 11 | 5.7 | 5 | 2.7 | 1 | 1.9 | 36 | 5.2 | 6 |
| ڕەهەندی پەروەردەیی | – | – | 6 | 3.1 | – | – | – | 0.0 | 6 | 0.8 | 13 |
| ڕەهەندی ئاینی | 6 | 2.3 | 2 | 1.0 | 4 | 2.2 | 2 | 3.8 | 14 | 2.0 | 10 |
| ڕەهەندی کۆمەڵایەتی | 7 | 2.6 | 8 | 4.1 | 7 | 3.8 | 3 | 5.7 | 25 | 3.6 | 8 |
| ڕەهەندی مێژوویی | 37 | 14.2 | 25 | 13.0 | 35 | 19.4 | 3 | 5.7 | 100 | 14.6 | 3 |
| ڕەهەندی زانستی | 6 | 2.3 | 4 | 2.0 | 4 | 2.2 | 1 | 1.9 | 15 | 2.1 | 9 |
| ڕەهەندی ژینگەیی | 2 | 8.4 | 5 | 2.6 | – | – | – | 0.0 | 7 | 1.0 | 12 |
| ڕەهەندی تەکنەلۆژی | 5 | 1.9 | 2 | 1.0 | 3 | 0.1 | – | – | 10 | 1.4 | 11 |
| کۆی گشتی | 260 | 107.2 | 192 | 95.2 | 180 | 97.9 | 52 | 90.0 | 684 | 99.3 | |

لە خشتەی ژمارە(1) دا کە ڕەهەندەکانی ئاسایشی نەتەوەیی(نیشتمانی) لە وتاری دیجیتاڵ میدیای کوردی دەخاتە ڕوو، 684 وتار بەڕێژەی (99.3) لەماوەی ساڵێکی دەستکردی توێژینەوەدا بڵاوکراونەتەوە، وتارەکانی پەیوەست بە ڕەهەندی سیاسی کە خۆی دەبینێتەوە لە تەواوی ئەو وتارانەی تیشکیان خستووەتە سەر لایەنە جیاوازەکانی پرۆسەی سیاسی کوردستان، پانتاییەکی فراوانی لە دیجیتاڵ میدیای کوردی داگیرکردووە بە بڵاوکردنەوەی 206 وتار بە ڕێژەی(30.1) ، وتارەکانی پەیوەست بە ڕەهەندەکانی ئابووری و مێژووییش لە پلەی دووەم و سێیەمدا دێن بە ڕێژەکانی(17.6) و ( 14.6) لەکۆی 121 و 100 وتاردا.

خشتەی(2)خاڵە بەهێز و لاوازەکان، دەرفەت و هەڕەشەکانی سەر هەرێمی کوردستان ڕوون دەکاتەوە

| دیجیتاڵ میدیا / SWAT | ڕووداو | | NRT | | PUK Media | | کوردیو | | کۆی گشتی | | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | % | د | % | د | % | د | % | د | % | |
| خاڵە بەهێزەکان | 32 | 13.9 | 9 | 5.8 | 16 | 10.5 | 4 | 11.4 | 61 | 10.6 | 4 |
| خاڵە لاوازەکان | 61 | 26.6 | 52 | 33.5 | 43 | 28.2 | 12 | 34.2 | 168 | 29.4 | 2 |
| هەڕەشەکانی سەر کوردستان | 51 | 22.2 | 30 | 19.3 | 33 | 21.7 | 5 | 14.2 | 119 | 20.8 | 3 |
| دەرفەتەکانی کوردستان | 30 | 13.1 | 5 | 3.2 | 12 | 7.8 | 1 | 2.8 | 48 | 8.4 | 5 |
| ئالەنگارییەکان | 55 | 24.0 | 59 | 38.0 | 48 | 31.5 | 13 | 37.1 | 175 | 30.6 | 1 |
| کۆی گشتی | 229 | 99.8 | 155 | 99.8 | 152 | 99.7 | 35 | 99.7 | 571 | 99.8 | |

خشتەی(2) کە خاڵە بەهێز و لاوازەکان، دەرفەت و هەڕەشەکانی سەر هەرێمی کوردستان ڕوون دەکاتەوە، 571 وتاریان لە دیجیتاڵ میدیای کوردی بەڕێژەی(99.8) لەبارەوە نووسراوە، ئالەنگارییەکانی زۆرترین پانتاییان لە وتاری ڕۆژنامەوانی دیجیتاڵ میدیای کوردی داگیر کردووە کە 175 وتاریان بەڕێژەی(30.6) لەبارەوە نووسراوە، خاڵە لاوازەکانیش بەپلەی دووەم دێت کە زۆرترین ناوەڕۆکی وتاری ڕۆژنامەوانی دیجیتاڵ میدیای کوردی بوونە و نووسەران 168 وتاریان لەبارەوە نووسیووە کە ڕێژەی(29.4) پێک دەهێنن، بە پلەی سێیەمیش هەڕەشەکانی سەر کوردستان ناوەڕۆکی 119 وتار بوون کە ڕێژەی(20.8) پێک دەهێنن، هەروەها خاڵە بەهێزەکانی کوردستان ناوەڕۆکی 61 وتاری ڕۆژنامەوانی دیجیتاڵ میدیای کوردین کە ڕێژەی(10.6) پێک دەهێنن، دەرفەتەکانی هەرێمی کوردستانیش بە 48 وتار کە ڕێژەی(8.4) پێک دەهێنن، نووسەران سەرنجیان بۆ ڕاکێشاوە.

خشتەی(3) جۆرەکانی وتاری ڕۆژنامەوانی دەخاتە ڕوو

| جۆری وتاری ڕۆژنامەوانی | ڕووداو | | NRT | | PUK media | | کوردیو | | کۆی گشتی | | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | % | د | % | د | | د | % | د | % | |
| وتاری ڕەخنەیی | 57 | 36.0 | 52 | 50 | 28 | 25.4 | 14 | 50 | 151 | 37.7 | 1 |
| وتاری شیکاری | 66 | 41.7 | 24 | 23.0 | 32 | 29.0 | 5 | 17.8 | 127 | 31.7 | 2 |
| وتاری ئاراستەیی | 10 | 6.3 | 15 | 14.4 | 25 | 22.7 | 4 | 14.2 | 54 | 13.5 | 4 |
| وتاری دیالۆگخواز | 25 | 15.8 | 13 | 12.5 | 25 | 22.7 | 5 | 17.8 | 68 | 17 | 3 |
| کۆی گشتی | 158 | 99.8 | 104 | 99.9 | 110 | 99.8 | 28 | 99.8 | 400 | 99.9 | |

خشتەی(3) کە جۆری وتاری ڕۆژنامەوانی نموونەی توێژینەوە ڕوون دەکاتەوە، لەماوەی ساڵێکی دەستکردی توێژینەوەدا، 400 وتاری بەرێژەی (99.4) تێدا شیکراوەتەوە، وتارە ڕۆژنامەوانییە دیجیتاڵییەکانی بە شێوازیی ڕەخنەیی بڵاوکراونەتەوە لە دیجیتاڵ میدیای کوردی، 151 وتار بوونە بەڕێژەی(37.7) و زۆرترین پانتاییان لەنێو شێوازەکانی دیکەی وتار داگیرکردووە، بە پلەی دووەمیش، ئەو وتارانەی شیکارییان بۆ پرس و بابەتێکی دیاریکراو کردووە لە دیجیتاڵ میدیای کوردی، 127 وتار بوون بەڕێژەی(31.7)، بە پلەی سێیەمیش وتارە دیالۆگخوازەکانی دیجیتاڵ میدیای کوردی بوون کە 68 وتار بوون بەڕێژەی(17)، پلەی چوارمیش ئەو وتارانەی نووسەران تێیدا هەوڵیانداوە جەماوەر بەرەو پرس و بابەتێکی دیاریکراو و ئامانجدار ببەن، 54 وتاربوون بەڕێژەی(13.5) کە وتاری ئاڕاستەیی بوون

خشتەی(4) ئەو پرسانەی وتاری ڕۆژنامەوانی لەخۆیگرتوو

| ڕ | کۆی گشتی | | کوردیو | | PUK Media | | NRT | | ڕووداو | | پرسەکانی / وتاری ڕۆژنامەوانی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | % | د | % | د | % | د | % | د | % | د | |
| 1 | 19.1 | 120 | 16.6 | 5 | 18.1 | 33 | 15.6 | 32 | 18.8 | 50 | پەیوەندی هەرێمی کوردستان و عێراق |
| 11 | 2.3 | 15 | 3.3 | 1 | 3.8 | 7 | 0.9 | 2 | 1.8 | 5 | وەرگرتنی پۆست لە بەغدا |
| 2 | 14.0 | 88 | 13.3 | 4 | 18.1 | 33 | 12.1 | 25 | 9.8 | 26 | ناکۆکی ناوخۆیی |
| 4 | 9.0 | 57 | 10 | 3 | 5.4 | 10 | 5.8 | 12 | 12.0 | 32 | پەلاماردانی پێشمەرگە و خاکی کوردستان |
| 6 | 8.4 | 53 | – | – | 3.8 | 7 | 7.8 | 16 | 11.3 | 30 | پەلاماردانی وڵاتانی هەرێمی بۆ سەر کوردستان |
| 8 | 6.3 | 40 | 6.6 | 2 | 2.7 | 5 | 10.2 | 21 | 4.5 | 12 | داهاتی نەوت |
| 13 | 1.2 | 8 | – | – | 0.5 | 1 | 2.9 | 6 | 0.3 | 1 | زیندانیکردنی چالاکوان و ڕۆژنامەنووسان |

| | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 12 | 1.5 | 10 | 0.0 | – | 0.5 | 1 | 2.4 | 5 | 1.5 | 4 | کۆچی گەنجان بۆ هەندەران |
| 3 | 11.8 | 74 | 10 | 3 | 10.4 | 19 | 16.0 | 33 | 7.1 | 19 | دۆخی ئابووری |
| 5 | 8.7 | 55 | 23.3 | 7 | 4.3 | 8 | 12.6 | 26 | 5.2 | 14 | مووچە و شایستە داراییەکانی هەرێم |
| 7 | 7.6 | 48 | 20 | 6 | 8.7 | 16 | 2.4 | 5 | 7.9 | 21 | ماددەی 140 |
| 9 | 5.7 | 36 | – | | 4.3 | 8 | 5.3 | 11 | 6.4 | 17 | پێشمەرگە |
| 10 | 2.8 | 18 | – | – | 2.7 | 5 | 4.8 | 10 | 1.1 | 3 | بەسەرچوونی پەرلەمان و حکوومەت |
| 14 | 0.7 | 5 | – | – | 2.1 | 4 | – | – | 0.3 | 1 | ژیریی دەستکرد |
| 15 | – | – | – | – | 0.5 | 1 | 0.4 | 1 | – | – | سەرژمێریی دانیشتووان |
| | 99.1 | 627 | 103.1 | 30 | 98.9 | 182 | 68.2 | 205 | 88 | 265 | کۆی گشتی |

خشتەی(4)، ئەو پرسانە دەخاتە ڕوو کە وتاری ڕۆژنامەوانی لەخۆی گرتووە، بەپێی ئەو خشتەیە627 وتار بەڕێژەی(99.1) لەلایەن توێژەرەوە شیکردنەوەیان بۆ کراوە، 120 وتار بەڕێژەی(19.1) زۆرترین وتارن و پانتاییەکی فراوانیان داگیر کردووە کە تێیدا پرسی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراقییان لەخۆگرتووە، بە پلەی دووەمیش، 48 وتار بەڕێژەی(14.0) پرسی ناکۆکییە ناوخۆییەکانیان لەخۆ گرتووە، ئەو وتارانەشی پرسی دۆخی ئابوورییان لەخۆگرتووە ژمارەیان 74 وتاربوون بەڕێژەی(11.8)، 57 وتاری دیکەش بەڕێژەی(9.0)، پرسی پەلاماردانی پێشمەرگە و خاکی کوردستانیان لەخۆ گرتووە، کەمترین وتار کە بڵاو کرابێتەوە بەپێی ئەو خشتەیە، 5 وتارن بەڕێژەی(0.7) کە پرسی ژیریی دەستکردیان لەخۆ گرتووە.

## 5. ئەنجامەکان:

لەدوای ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە، بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەیشتین:-

1-لەماوەی توێژینەوەکەماندا، پرسە سیاسی و ئابوورییەکان، بابەتی سەرەکی بونە بەلای نووسەرانی کورد. بەپێچەوانەی پرسەکانی پەروەردە و ژینگە، کە دوو پرس و بابەتی گرنگ و هەستیاری دیکەن لە هەرێمی کوردستان

بەرادەیەکی زۆر فەرامۆشکراون.

2-بەشـێوەیەکی گشـتی وتـاری دیجیتـاڵ میـدیای کـوردی زیـاتر پـرژاوەتە سـەر دەستنیشـانکردنی خـاڵە لاواز و نەرێنییەکـانی هەرێمـی کوردسـتانی عێـراق، بەبـێ ئەوەی هاوسـەنگییەک دروسـت بکـات لەنێـوان دۆخە ئەرێنـی و نەرێنییەکـان، ئەمەش وایکردووە وتارەکـانی تـا ڕادەیەکـی زۆربەلای خـوێنەرانی وەک وتـارێکی مکۆمی ڕۆژنـامەوانی سەیر نەکرێت.

3-بەرێژەیەکی زۆر، وتارەکانی دیجیتاڵ میدیای کوردی بەشێوازی ڕەخنەگرانە نووسراون و نووسـەران کاریـان بۆ ڕوونکردنەوە و شرۆڤەکردنی بارودۆخ و پێشهاتەکان بۆ جەماوەر نەکردوە، بەڵکو زۆرینەیان بوونەتە زمانحاڵی حزبە سیاسییەکان و دەربڕی سیاسەتەکانی حزبەکانی خۆیان.

4-کێشـەکانی نێوان حکوومەتی هەرێمـی کوردسـتان و حکوومەتی فیـدراڵی عێراق، ڕووبەرێکی فراوانیـان لە بـابەتی نووسەرانی کورد داگیرکردووە، بەبێ ئەوەی هیچ جۆرە چارەسەرییەک بۆ ئەم گرفتانە بخەنەڕوو.

5-ئالەنگاریی و کێشە داراییەکانی هەرێمی کوردستان، زۆربەی وتارەکانی دیجیتاڵ میدیای کوردی پێکهێناوە. بەهـۆی نەبوونی مووچە و گەندەڵی و بەفیڕۆچوونی سامانی گشتی.کە تا ڕادەیەک کاریگەرییـان هەبـووە لەسـەر ئاشکراکردنی زۆربەی کەیسەکانی گەندەڵی و بەهەدەردانی سامانی گشتی.

## 6. سەرچاوەکان:-


**توێژینەوەی زانستی**

- دلشاد, تاژان, 2009. کورتەیەک دەربارەی وتاری ڕۆژنامەنووسی. ڕۆژنامەنووس، ژمارە17.

-سـەپان, مەغدیـد. خـدر.ئەحمەد، 2024. پرسـی دادپەروەری(عەدالەت) لە ڕۆژنامەی(کوردسـتان)1898-1904. گۆڤـاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە 58.

**کتێب**

**بەزمانی کوردی**

کەرکووکی, حەبیب,. 2008. هونەری ڕۆژنامەنووسی. دهۆک: دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی.

ڕێبەر گۆران تاڵەبانی، یەحیا عومەر ڕێشاوی, 2020. میدیای نوێ لە سایەی شۆڕشی زانیارییەکاندا. سلێمانی: تۆڕی ئەکادیمیا و دیالۆگی میدیا.

مەحمود, هەردەوان,. 2015. میدیای نوێ و کاریگەرییەکانی. چاپی یەکەم چاپخانەی کوردستان. سلێمانی: ڕێکخراوی پرسی میدیا.

مسـتەفا, عەبـدولخالق. ئیبـراهیم,. 2022. میـدیای نـوێ و ئاسایشـی نەتەوەیـی لە هەرێمـی کوردسـتان. چـاپی یەکەم. هەولێـر: وەزارەتی پێشمەرگە.

**کتێب**

**بەزمانی عەرەبی**

- العمـارات، فاطمـة. هـارون،. 2020. العلاقـات الروسـية-الايرانيـة و أبعادهـا علـى الامـن القـومي العربـي(2011-2018). ط1 المحـرر مكان غير معروف:دار الخليج للنشر و التوزيع.

- طشـطوش، هايـل. عبـد.المولى،. 2012. الامـن الـوطني و عناصـر قـوة الدولـة فـي ضـوء النظـام العـالمي الجديـد. طبعـة الاولـى, عمـان: دار الحامد للنشر و التوزيع.

**ڕۆژنامە**

بەدرخان, میقداد.مەدحەت, 1898. کوردستان،سەروتار, ژمارە(1) .

**گۆڤار**

- یاسای ژمارە(35)ی ساڵی 2007، سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان،2009.هەولێر.

- دلشاد, تاژان, 2009. کورتەیەک دەربارەی وتاری ڕۆژنامەنووسی. ڕۆژنامەنووس، ژمارە 17.

- سـەپان, مەغدیـد. خـدر. ئەحمەد.سـەپان، 2024. پرسـی دادپەروەری(عەدالەت) لە ڕۆژنامەی(کوردسـتان)1898-1904. گۆڤـاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە 58.

**ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی**

شێروانی, پ.ی.د.کاوە,( 2022): گوتار،ڕێککەوتی سەردانی(22-8-2022)،(ئۆنلاین) لە ماڵپەڕی (کوردستان24) https://www.kurdistan24.net/ckb/opinion/224414.

## دور الصحافة الرقمية الكردية في حماية الأمن القومي لإقليم كردستان

**كارزان حيدر رحمان**
قسم تقنيات الاعلام,الكلية التقنية الادارية أربيل,جامعة أربيل التقنية,أربيل,العراق
Karzanpress@gmail.com

**عبدالخالق ابراهيم مصطفى**
قسم تقنيات الاعلام,الكلية التقنية الادارية أربيل,جامعة أربيل التقنية,أربيل,العراق
Abdulkhaliq.mstaffa@epu.edu.iq

**الملخص**

في القرن الحادي والعشرين، لعبت وسائل الإعلام الرقمية دورا هاما في بث المعلومات ونشرها بين الجماهير. وفي إقليم كردستان، تعتبر الصحافة الرقمية الكردية أحد المصادر الرئيسية للمعلومات للمواطنين، وذلك بفضل التطور التكنولوجي. يهدف هذا البحث إلى إبراز دور الصحافة الرقمية الكردية في حماية الأمن القومي لإقليم كردستان.

يهدف البحث إلى تحديد أبعاد الأمن القومي في الخطاب الصحفي لوسائل الإعلام الرقمية الكردية، وتحديد القضايا التي تناولها الخطاب الصحفي لبعض المواقع الإلكترونية الكردية، وتقييم دور الخطابات الصحفية لهذه القنوات في تسليط الضوء على هذه القضايا. منهجية البحث: يستخدم البحث المنهجين التحليلي والوصفي لتحليل محتوى المقالات الصحفية وفقا لعدد زوار المواقع الإلكترونية.

لتحقيق أهداف البحث، استلم الباحث عينة من المقالات الصحفية المنشورة في أربعة مواقع إلكترونية وبوابات إلكترونية في إقليم كردستان، خلال الفترة من 2024/1/1 إلى 2022/12/31. وقد تم تحديد أربعة مواقع إلكترونية كنماذج بحثية تُمثل الإعلام الرقمي الكردي، وهي: بوابة روداو في أربيل، وموقع NRT في السليمانية، وموقع PUKmedia في السليمانية، وموقع Kurdiu في أربيل. وخلص البحث إلى تحديد أبرز أبعاد الخطاب الصحفي الرقمي الكردي المنشور، وإلى أي مدى أصبح يشكل تهديدا أو سببا لحماية الأمن القومي لكردستان.

**الكلمات المفتاحية:**مقال صحفي، الإعلام الرقمي، الأمن القومي، إقليم كردستان.

## The Role of Kurdish Digital Journalism in Protecting the National Security of the Kurdistan Region

**Karzan Haidar Rahman**
Department of Media Technologies, Technical Administrative College of Erbil, Erbil Technical University, Erbil, Iraq.
Karzanpress@gmail.com

**Abdal-Khalek Ibrahim Mustafa**
Department of Media Technologies, Technical Administrative College of Erbil, Erbil Technical University, Erbil, Iraq.
Abdulkhaliq.mstaffa@epu.edu.iq

**Abstract**

In the 21st century, digital media played an important role in broadcasting and disseminating information to the masses. In the Kurdistan Region, Kurdish digital journalism is considered to be one of the main sources of information for citizens according to the development of technology. This research aims to show the role of Kurdish digital journalism in protecting the national security of the Kurdistan Region.

The aim of the research is to identify the dimensions of national security in the journalistic discourse of Kurdish digital media and to identify the issues that are in the journalistic discourse of some Kurdish websites have been presented, with the role of journalistic speeches of these channels in highlighting issues related to this issue will be evaluated. Research Methodology The research uses analytical and descriptive methods to analyze the content of journalistic articles according to the number of website visitors.

To achieve the objectives of the research, the researcher received a sample of journalistic articles from four websites and portals in the Kurdistan Region between 1/1/2024 and 31/12/2 They are published and have an impact on the protection of national security,

For the research sample, four websites were identified to be research examples and represent Kurdish digital media, namely Rudaw portal in Erbil, NRT website in Sulaimani, PUKmedia website in Sulaimani and Kurdiu website in Erbil.

The research concluded that the most obvious dimensions of Kurdish digital media journalistic speech published, and to what extent they have become a threat, or a reason to protect the national security of Kurdistan.

**Keywords:** Journalism Article, Digital Media, National Security, Kurdistan Region.